# کێن ئەوانەی نزایان لێ وەرناگیرێت؟

< کوردي >

موحسین مەحمود

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# من هم الذين لا يستجاب دعاؤهم

< كردي >

محسن محمود

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# کێن ئەوانەی نزایان لێ وەرناگیرێت؟

بسم الله والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله

ئەبوموسی ئەشعەری لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم دەیگێڕێتەوە کەفەرمویەتی: {ثلاثةٌ يَدْعُونَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ فَلَا يُسْتَجابُ لَهُمْ: رَجُلٌ كانَتْ تَحْتَهُ امْرأةٌ سَيِّئَةُ الخُلُقِ فَلَمْ يُطَلِّقْها وَرَجُلٌ كانَ لهُ على رَجُلٍ مالٌ فَلَمْ يَشْهَدْ عليهُ وَرَجُلٌ آتى سَفِيهاً مالَهُ وقالَ اللهُ تَعَالَى: ﴿وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهاءَ أموالكم﴾}. صحيح الجامع( 3075).

واتە: سێ کۆمەڵ هەن هەرچییەك نزاو پاڕانەوە دەکەن پەروەردگار وەڵامیان ناداتەوە:

1/ پیاوێکە ژنێکی بەدڕەوشتی هەبێت و تەڵاقی نەدات ـ مەبەست لەبەدڕەوشتی هەموجۆرە کردارێکی ناشیرین دەگرێتەوە وەك داوێن پیسی و بێ شەرمی و زمان درێژی وجوێن فرۆشی و چاو چنۆکی وڕەزیلی وەهەروەها بێ ڕێزی بەرامبەر مێردو خیانەت لێکردنی ......... چونکە خوای گەورە تەڵاقی داناوە بۆچارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانە دەباخۆی لێ ڕزگار بکات ئەگەر بە ئامۆژگاری چاك نابێت.

2/ پیاوێکە ماڵ و سامانی بە لای کەسێکەوە بێت وشایەتی لێ نەگرێت، چونکە سەرەنجام دوچاری کێشە دبێت وناتوانێت سامانەکەی ساغ کاتەوە.

3/ پیاوێکە سەروەتو سامانی بداتە دەست کەسانێکی سەفیە و کەم عەقڵ چونکە خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ ﴾. واتە: سەروەتو سامانتان مەدەنە دەست کەم عەقڵەکان.لەبەرئەوەی مرۆڤی کەم عەقڵ ڕێزی ماڵ و سامان نازانێت و هەموی بەهەوانتە خەرج دەکات وسەرەنجام موفلیس دەبێت.

کەواتە: پێویستە باوکان ووشیاربن سەیارەو سامانی خۆیان نەدەنە دەست منداڵەهەرزە وکەم عەقڵەکان کە بەهاو قیمەتی سەروەتو سامان نازانن و خۆیانو خەڵکیش دوچاری زیانو زەرەر دەکەن.

وصلى الله وسلم على رسول الله.